# یاسایەک بۆ سەرکووت،زیندانێک بۆ کۆمەڵگا

**هیدایەت مەلا عەلی**

یاسای ڕۆژنامەنووسی پێشنیار کراو بۆ پەرلەمان و پەسەندکردنی دەست بەجێی ئەو یاسایە لەلایەن پەرلەمانی کوردوستانەوە نیشانەی دەستبردنە بۆ سەرکووتی بێپەردە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردوستانەوە ، پەرلەمانی کوردوستان کەبۆتە جێگای ئەرشیف کردن و خانەی لەبیر کردنی یاداشتی داواکاری و داخوازیەکانی خەڵکی مەحرومی کوردوستان ، کەچی چەندە دەست و بردە بۆ یاسای سەرکووت و خنکاندنی ئازادی و ووتنی بیروڕای سەربەست ، دوو ساڵ زیاترە خەڵکی هەڵەبجە یاداشتێکی شانزە خاڵیان خستۆتە بەردەم پەرلەمان ، کەچی ئەم پەرلەمانە وەک ئەوەی خەڵکی هەڵەبجە داوای کەشتی ئاسمانیان کردبێت بۆ گەشتێکی ناو ئاسمان و سەر ئەستێرەکان هەتا ئێستاش ئەو یاداشتە سەرەی وەڵامدانەوەی نەهاتووە ، ڕادەی چوونە پێشەوەی هەرکۆمەڵگایەک لەڕووی ئازادی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە بەندە بەوەی کە چەندە بیری زاڵی نێو کۆمەڵگا ڕەخنەی لێدەگیرێت و لە ژیان و هەڵسوکەت و یاساو هتد .... دەکرێتە دەرەوە ، بەڵام یاسای پێشنیارکراوی ڕۆژنامەنووسی هەر لەسەرەتاوە شمشێری زیندان و داخستن و کۆکردنەوەی بەرزکردۆتەوە لەو کەسانەی کەلەسەر عەشرەت ، مەزهەب ، خانەقا ، فایل ، دەسەڵات ، گەندەڵ ، ئەمنی قەومی ، ژن بە ژن و گەورە بە بچووک دەنووسن ، ئەم یاسایە تەنها ئامرازی سەرکووتی دەستی دەسەڵات نییە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئەو کەسانەی بیروباوەڕی خۆیان بە نووسین ڕادەگەیەنن ، بەڵکو هەوڵێکی زەبوونانەیە بۆ دیاری کردن و چوارچێوە کێشانی بیرکردنەوەی تاکی نێو کۆمەڵگا ، ئەم یاسایە دەڵێت ئەوەندە حەقت هەیە قسە بکەیت کە یاسا بۆی دارشتوویت ، جێکەوتنی ئەم یاسا ڕەشە بۆ قەڵەمی ئازادیخوازان و نوسەرو ڕۆژنامەنووسان قۆناغی یەکەمە و ، قۆناغی دووەم ئەو سانسۆرەیە کە قسەوباس و گفتوگۆو نارەزایەتیەکانی نێو ئەندامانی خێزان دەگرێتەوە لەسەر ژیان و گوزەرانیان ، لە ناوەڕاستی هەشتاکان بۆ سەردانی زیندانیەکی ناسراومان چووینە بەغداد ، ناسراوەکەمان کەسێکی پیشاندابن کە چەند ساڵێک حوکم درابوو لەسەر ئەوەی لەخەویدا سەدامی دیکتاتۆر مردوە ، ئەویش ئەم خەوەی گێڕاوەتەوە تا گەشتۆتەوە دەمی جەلادەکان و دواتر دەستگیریان کردووە ، هەوڵ و نارەزایەتی ئازادیخوازان ، نوسەران ، ڕۆژنامەو ، ماڵپەڕەکان ، پەرلەمانتاری ناڕازی ، پەیامێکی زیندووی نیشانی دەسەڵاتدارانی کوردوستاندا ، بزووتنەوەیەک کەبۆ بەرگری لە ئازادی بەڕێکەوتووە ، سەرەتای بڕینی قۆناغێکە لە نارەزایەتی کردنی تەقلیدیەوە بۆ نارەزایەتیەکی فراوان و کاریگەر تر ، دەسەڵات ئەو ڕاستیە باش دەزانێت نەفرەت لە دژی ئازادی و یاسای پێشنیار کراو بە جۆرێکە ئەگەر بەری پێنەگرن ئەوا ئومێدی کاریگەری لەسەر یاساو پرۆژەی داهاتوو لەلایەن ئازادیخوازانەوە زیاتر دەبێت ، بۆیە ڕاگەیاندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و کۆبونەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی و چاوەڕوانی لە سەرۆکایەتی هەرێم هەوڵێکە بۆ خاڵی کردنەوەو بەرگرتن بە ئامادەییەک کە بۆ بەرگری لە ئازادی هەیە ، تەنها زامنی پاراستنی ئازادی و دەسکەووتی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ، یەکڕیزی و خەباتی بەردەوامە بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و مافەفەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردوستان .

2007/12/16